بە یەکەمجار نەشتەرگەری چاندنی دڵی دەستکرد لە عێراق ئەنجامدرا

وەزارەتی تەندروستیی عێراق بڵاویکردەوە، بە یەکەمجار لە لە نەخۆشخانەی ناسریە لە پارێزگای زیقار نەشتەرگەری چاندنی دڵی دەستکرد بە نەخۆشێک ئەنجامدرا.

بەپێی راگەیەندراوەکەی تەندروستیی عێراق، نەخۆشەکە تەمەنی 60 ساڵان بووە و تووشی شکستی دڵ بووە و جەستەی وەڵامی چارەسەریەکانی نەداوەتەوە.

نەشتەرگەریەکە لەلایەن تیمێکی پزیشکی عێراقی و ئەمانیەوە ئەنجامدراوە و سەرکەوتنی بەدەستهێناوە، بەیارە لە ئایندەیەکی نزیکدا نەشتەرگەریی هاوشێوە بە چەند نەخۆشێکی دیکە ئەنجامبدرێت.